تیکۆشان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

# یادی سەروەری گەل، شەهید حەسەن سەلیمی



شەهید حسن سلیمی

نوسینی: کەریم فەیزیان

شەهیدحەسە ن کوری کاك ڕەحمان لە بنەماڵەیکی نیشتمانپەروەر و زەحمەتکێش لەشاری بانە چاوی بە دنیاهەڵێناو وهەرلە وشارەش دوای تەمەنی شەش سالی دەخرێتە بەر خوێندن. تا پۆلی پێنجی سەرەتایی دەرس دەخوێنێت و بەهۆی کەم دەرامەتی بنەماڵەکەی دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت. بەهۆی کەم داهاتی و بارودۆخی نالەباری ژیانی ئابووری بنەماڵەکەیان لە تەمەنی منداڵیەوە دەست بەکار دەکات و لە بەردەوام بوونی چوونی قوتابخانە بێ ئاکام دەبێت.

سەرەڕای ئەم نالەباری بارودۆخەی ژیان، بەهۆی ڕێژەی کەمی فورسەتی شوغلی لەشاری بانە، کاك حەسەن مەجبور بە بەجێ هێشتنی بنەماڵەکەی دەبێ و بە مەبەستی پەیداکردنی کار بۆ بژێویی ڕوو لە شارە گەورەکانی وەك تاران و بەندەر عەبباس دەکات. لەو شارانەش لەگەلێ بەرەوڕوو بوون بە تەنگ و چەڵمەی زۆر و لە تەمەنی لاوی مل ملانەی ستەم و بێعداڵەتی دەکات. شەهید حەسەن وەك زۆربەی منداڵ و لاو و ئەندامانی کۆمەڵگای کوردەواری ژیانی پڕ مەشەقەتی بۆ دەبێتە ئەزموون و خۆ ڕاگری لە بەرامبەر ستەم نارەوایی، و کۆڵنەدان لە بەرامبەر زۆرداری نیزامی دەسەڵاتداری چەوسێنەر دەکاتە هەوێنی خۆڕاگری و بەرهەڵستکاری. هەر لەو شارانە بیری نەتەوەیی، چینایەتی و مەزهەبی و زۆر لایەنی کەی چەوساندنەوەی زیاتر بۆ ئاشکرا دەبێت و بۆی ئەبێتە زانکۆیێك لە ئەزموونی کۆمەڵایەتی. شەهید حەسەن بە دەردی زۆرو کاری چەند بەرابەر ئاڵوگۆڕ لە بارودۆخی نالەباری ئابووری بنەماڵەیی یان ئەبەخشێ.

هەر لەم کات و ساتەدا کە تازە خەریکە دەرگای ڕووناکی یان لێ بکرێتەوە، خەبەری دڵتەزێنی شەهید بوونی ئامۆزای خۆشەویستی شەهید عابید فەیزیان، کە لە نەبەردەی قارەمانانەی گرتنی مۆڵگای دوژمنانی ئازادی کورد و کوردستان لە دێی سیچان ناوچەی بانە شەهید بوو گیانی لاویی پێش کەش بە بەختەوەری و ئازادی گەل و نیشتمان کرد،

شەهید حەسەن بەو هەواڵە دڵتەزێنە دەست و لەشی لەکار سارد ئەبێتەوە و هیچ تاقەتی کاری نامێنێ. هەر بەمەبەستی سەرەخۆشی و سەردانی کەس و کار ڕوو لە کوردستان دەکاتەوە، و هەر لەڕێگادا لەگەڵ ڕۆحی پاکی شەهید عابید فەیزیان پەیمان دەبەستێ کە تۆڵەی بە ناهەق ڕژاوی بستێنێ و درێژە دەری ڕێگای پڕلە شانازیی شەهیدان بێت.

چەند مانگێك دوای شەهید بوونی سەروەری گەل عابید فەیزیان، کاك حەسەن شار بەجێ دێڵێت و ڕێگای پڕلە کەند و لەندی پێشمەرگایەتی دەگرێتەبەر. ڕۆژی ٣ی خەرمانانی ١٣٦٤ دەگاتە ناوچەی ئازاد کراوی ژێر دەستی پێشمەرگە. هەر لەوماوەش لە شەڕێکدا لە بەینی بانە ـ سەردەشت بە سوکی بریندار دەبێ.

دوای چەند مانگێك لە گوندی هەمزەلانی ناوچەی بانە تووشی پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات دەبێت و هەرلەوێ پێوەندیان پێوە دەکات و دەبێتە ڕێبواری ڕێبازی پڕلە سەروەری سازمانی خەبات.

لەو ڕۆژەوە کاك حەسەن بە ئیرادەیێکی قایم و خۆ گرتوو بە فیداکاریی بە ڕێبازی سازمانی خەبات، شان بە شانی هاوڕێیانی پێشمەرگەی لە ناوچەکانی سەقز و بانەو سەردەشت زۆر چالاکانە و دڵسۆزانە ئەرکەکانی سازمانی خەبات بەجێ دەگەێنێ، و لە زۆربەی شەڕەکانی ئەو شارانە و ناوچەکانی، ئازایانە و دلێرانە بە باوەڕی حەقانیەت بوونی دۆزی ڕەوای گەلەکەی بۆ ئازادی و بەرهەڵستکاریی چەوسێنەران، بەگژ دوژمنانی داگیرکەر و بەکرێگیراوانیان دا دەچێتەوە. لە دوایی یەکێك لە جەولە دوور و درێژەکانی پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ بارەگای سەرکردایەتی سازمانی خەبات لە کوردستانی گەرمێن،کاك حەسەن و ژمارەیێك هاوباوەڕی دیکەی قارەمان و لێهاتوو لەکاتی پشوو دان و حەسانەوە لە ناوچەیەکی دوور لە سوپای دوژمن کە چۆڵ و لەژێر دەسەڵاتی ئەرتەشی ئێران و جەیشی عێراق دا نەبوو، ڕۆژی ٥ی پووشپەڕی ١٣٦٥ دوای ماوەیێك حەسانەوە لە لایەن تاقمێك پارە پەرستی بێگانە پەرستی سەربە ڕژیمی ئاخوندی، کەبە جلوبەرگی سوپای ئەوکاتی ڕژیمی سەدام خۆیان تەیار کردبوو، دەوریان دەگیرێت و گەمارۆ ئەدرێن.

ئەو خۆ فرۆشانە بەزمانی عەرەبی داوایان لێ دەکەن کە چەکەکانیان دابنێن و هەرچەندە هەڤاڵانی قارەمان تەنیا بەوە غافلگیر دەکرێن و لەوکاتەدا ئەو لێکدانەوەیان دەبێت کە ناکرێت لەم هەلومەرجەدا بەگژ سوپای سەدام دا بچنەوە، دەنا هەر یەك لەو ڕۆڵە دلێرانەی سازمانی خەبات بەکردەوە سەلماندبوویان کە دەتوانن، بەرامبەر هێزی نەك وەك ئەو تاقمە خۆ فرۆشە دابێنەوە، بەڵکو زۆر هێزی گەورە و تەیار بووبە هەموو چەك و چۆڵێکیان هەربە ژمارێکی ئەوەندە کەسی پێشمەرگەی سازمانی خەبات تێك شکاندوە.

پێشمەرگەکان بەداخەوە هەستیان بە پیلانی ڕەشی خۆ فرۆشان نەکردبوو، کە ئەوانە جەماعەتێك نیشتمان فرۆشی چڵکاوخۆری ڕژیمی ئاخوندین کە خۆیان خستبووە قالبی عەسکەری عێراقی.

نۆکەرانی دوژمنان بۆئەوەی بتوانن بە ئاسانی ئەوپۆلە پێشمەرگەی سازمانی خەبات یەخسیر بکەن، و دەیان زانی کە سیاسەتی ئەوکاتی سازمانی خەبات لەگەڵ ئەوەدا نەدەگونجا ئاواو لەو دەورانەدا بە شەڕی چەکداری بەگژ ڕژیمی سەدام دا بچنەوە، هەربۆیە بەم پیلانەیان ئەو بەناو موخالیفانەی ڕژیمی سەدام و لەڕاستی دا نۆکەرو ئالقە لە گوێی ڕژیمی ئاخوندی، ئەودەستە پێشمەرگە قارەمانانەی سازمانی خەباتیان دەستگیر کرد و مەجالی بەرگری و دەست کردنەوەیان بەهۆی خۆ لەقەڵەمدانیان بە سەربازی عێراق لێ ئەبرن.هەر لەوێ بە پشتوێن و جامەدانەی خۆیان دەستیان ئەبەستنەوە و بەرەو سورکێو و لەوێشەوە و بەرەو زیندانی بانە دەیانبەن. کورد کوتەنی دار هۆڕەی لەخۆی نەبێ بە زەحمەت دەقڵشێ. بۆ ئەو پیلانەش ئەگەر زۆرلە کوردی خۆ فرۆش نەبانایە، چۆن پۆلێك شێر بە ڕەوێك ڕێوی خوێڕی دەگیرێن.

بۆ ئاگاداریتان ئەوپۆلە پێشمەرگەی سازمانی خەبات کە هەموویان یەکی یەکی بوون و هەریەکیان قارەمانێکی مەیدانی خەبات بوون، بریتین لەم هەڤاڵانە:

شەهید حەسەن سەلیمی

شەهید خەلیل جەعفەری (خەلیل ڕەشاش)

شەهید عبدالله هەمزە

شەهید تاهیر یاکوباویی

کاك غەفوور ئەحمەدی (ناسراو بە غەفوور شیوەڵەیی)

ئەمانە دەستەیێك لەو پێشمەرگە قارەمانانەی سازمانی خەبات بوون کە خەو و خۆراکیان لە پاسدار و جاشە بەکرێگیراوەکانیان، لە هەموو ئەو شار و ناوچانەی چالاکیان تیا ئەکرد، حەرام کردبوو.

دوژمن بە دەستیانەوە زاڵەی بوو، ئەو حەماسانەی کە بەدەستی پێشمەرگە قارەمانەکانی سازمانی خەبات دەکرا ئەم پۆلە قارەمانانەی گەل تێدا بەشدار بوون: گیرانی مۆڵگەکانی دوژمن لە شوێ، یاکوباوا، مامالڵ، شەڕی پردی سیادەر، شەڕی ناو دێ ی قەبغلۆ، و جەماوەری کوردستان شاهیدی دەیان قارەمانی شەڕەکانی بۆکان و سەقز و ناوچەی موهاباد و سەردەشت و مەریوان و زۆر شارو ناوچەی کەی کوردستانن، کە لەلایەن ڕۆڵە دلێرەکانی سازمانی خەبات بەڕێوە دەچوو، کە لەزۆربەیان دا ئەم پۆلە ڕۆڵە دڵسۆزو فیداکارەی خەبات و گەل بەشدار بوون.

لەوماوەدا کە کاك حەسەن و هاوڕێیانی لە بەندیخانەی بانە لە زیندان دا بوون، لەخۆی بیستراوەو ئەو کەسانەی کە سەردانیان کردوە دەگێڕنەوە، کە دوژمنان زۆری لێ دەکەن کە بیکەنە تەواب، بۆ ئەوەی بتوانن بۆ مەبەستی گڵاوی خۆیان بە کاری بێنن، بەڵام باوەڕی کاك حەسەن بە ئازادی کورد و کوردستان و سازمانی خەبات و خوێنی شەهیدان ئەوەندە قایم بوو، کە بەهیچ شێوەیێك دەرفەتی بە دوژمنانی گەل و ئازادی کوردستان نەدا، و نەیان توانی کاری تێ بکەن.

کە دوژمن زانی ناتوانێ کاك حەسەن بەچۆك دا بێنێ، لە مەبەستیان بۆ بەکارهێنانی بۆ دژایەتی سازمانی خەبات و ئامانجەکانی بۆ ئازادی کوردستان، ڕیسوا دەبن، و شەهید حەسەن بەئیرادەیێکی پۆلایین و باوەڕی پتەو بە ئازادی، دوای گواستنەوەی لە زیندانی بانە بەرەو زیندانی سەقز، بە زەردە خەندەو سەر بەرزیی شەهید بوون بە سەر ژیانی نەنگ و ژێر دەستی تەرجیح ئەدا، و لە زیندانی سەقز ماڵ ئاوایی جەستەیی لە هاوڕێیان و کەس و کارو کوردستانی ئازیزمان دەکات. لە زیندانی سەقز لەلایەن دوژمنانی ڕووناکی و تاریك پەرستانی جەهەل و خورافات و بێ عەداڵەتی لەسێدارە ئەدرێت، و دڵی پر هیواو هومێدی بۆ ژیانی باشتر و شیاو بۆ مرۆڤایەتی لەکار ئەخەن. تەرمی شەهید حەسەن دەنێرنە گۆڕستانێك کە تایبەتە بە ئیعدامیەکان لە شاری بیجارو لەوێ بەخاك ئەسپێردرێت. دوای بەخاك سپاردنی جلوبەرگی شەهید حەسەن دەنێرنەوە بۆ بنەماڵەکەی و ئاگاداریان دەکەن کە کوڕەکەیان ئیعدام کردوەو تەرمەکەشی لە گۆڕستانێك لە بیجار نێژراوە.

کە بنەماڵەکەیان سەردانی ئەو گۆڕە دەکەن باوەڕ ناکەن کە ئەوە گۆڕی شەهیدەکەیان بێ، و زۆر لە گۆڕی منداڵێکی یەك دوو ساڵە چووە. بەداخەوە بۆیان نەبووە گۆڕەکەی بدەنەوە و بە دڵنیایی و بۆ دواجار ڕووخساری دلێرانەی ڕۆڵەکەیان ببینن و دوامالیاوایی بە ڕۆڵە قارەمان و وەفاداریان بڵێن.

کاك حەسەن بەم جۆرە لە ڕۆژی ٥ی پووشپەڕی ١٣٦٥ دەگیرێ و دوای ٣ ساڵ زیندانی، لە زیندانە دڕندانەکانی ڕژیمی ئاخوندی لە ڕۆژی ١٤،٠٦،١٣٦٥ ئیعدام دەکرێت.

بەم جۆرە مۆمی ژیانی ئەم قارەمانە دەکوژێتەوە و دلێ پڕ لە ئارەزوی بۆ کوردستانێکی ئازاد و، پێشکەوتوو بە دەستی جەلادەکانی ڕژیمی ئاخوندی لەکار دەکەوێ و دڵی کەس و کار و هاوسەنگەران و هەموو خەڵکی بەشەرەفی کوردستان داغدار دەکات.

هەزار سلاو بۆ گیانی پاکی شەهیدی جوانە مەرگ کاك حەسەن و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی کورد و کوردستان. سەرشۆڕی و ڕوو ڕەشی و نەمان بۆ دوژمنانی کورد و داگیر کەرانی خاکی پاکی کوردستان. بەرز و بەڕێز بێ ناوی شەهیدانی سازمانی خەبات و ڕێبازی پڕ لە سەروەری.

# لە یادی شەهید مامۆستا عەبدوڵلا ئارام و هاوڕێیانی



شەهید عبدالله ئارام



شەهید ئیسماعیل سلێمانزادە



شەهید محمد رسولی



شەهید عوسمان عەبوو



شەهید سادقی زەندی (قانع)

## پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
## نامرن ئەوانەی لە دڵی میللەتدا دەژین

نووسینی: سارۆ

تازە بەفر و سەهۆڵ بەندان بەرۆکی زەوی بەردا بوو، تازە لاسکی ناسکی گوڵ و گیا سەری لە بن خاك دەر هێنا بوو و خۆیان نیشان خۆر دەدا، تازە کاری نەخشین و بەرخی خڕ و خۆڵ دەرکەوتبون و گیا و گژی پێ دەشتی یەك شەوە ببوە پێخۆریان و لە خۆشی هاتنی بەهار و سەرهەڵدانی گیای بۆن خۆش سەرمەست ببون، لەو کاتەی شەنگە بیری دڵخۆش بوون بە وەرزی بەهار و دەرکەوتنیان بۆ کەژ و کێو هەوارگە. لەو کاتەی بولبول و مەلی هەست ناسك بە ئاوازی بە سۆز و ئاهەنگی خۆش بە بەهاری ڕازاوە یان هەڵدەگوت و هەرکام بە ئاوازێك پیرۆزبایی نەورۆز و هاتنی وەرزی نوێ یان پێك دەگوت.

بەڵێ لەو ڕۆژانەدا کە خەڵك ئاسوودە و دڵ خۆش بوون بەوەی نەورۆز هات و لە ڕۆژی سیانزەهەمی بەهاریان بەڕێ کردوەو هەر کەس بەفری دانێ سیانزە بەرد هیوادار بوون بەڵاو ئازارەکانیان لێ کەم ببێتەوە و لەگەڵ فڕێ دانی هەر بەردێك ئاواتیان بوو دەسەڵاتی ستەمگەری ئاخوندەکانیان لە مل بێتەوەو ئازادی بو نیشتمان بگەڕێتەوە. بەڵێ لەو کاتانەدا، بەداخەوە، لە پێ دەشتی یەك شەوەی بۆکان، جارێکی تر پاسەوانان و جەلادان و خۆفرۆشانی تاریکی پەرست و دژمن بە ئازادی، نەورۆز و بەهاریان لە خەڵك و لە دەستەیێك پێشمەرگەی ئەویندارى ئازادی و رزگاری کە نمونەی شەرەف و وەفا و نیشتمان پەروەری بوون شێواند و دەستەیێك پێشمەرگە شەهید دەکەن و خوێنی سووریان لە بەرزایی و پێ دەشتی ناوچەی بۆکان دەڕێژن. بێ گومان خوێنی ئەو شەهیدە بە نرخانە لە دێر دێری مێژووی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد دەمێنێتەوە. بەتایبەت، ئەو دێڕەی کە مامۆستای هەمیشە زیندوو بەنرخ مامۆستا عبداڵە ئارام کە بە خوێنی خۆی و لە دواین ساتەکانی ژیانیدا، لە سەر بەردێك لە پشتی یەك شەوە، نووسی، (وریا بۆ کوردستان و خەبات) هیچ کات ناسڕێتەوە و ئەویندارانی ڕێبازی پیرۆزی سازمانی خەبات، تا گەیاندنی ئامانجی شەهیدانی یەك شەوە و تێکڕای شەهیدانی سازمانی خەبات و شەهیدانی کوردستان، درێژە بەو ڕێگە دەدەن.

ڕۆژی ١٦ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٠ی کۆچی خۆری، ئەو ڕۆژە کارەسات بارە بوو کە لە پێ دەشتی یەك شەوەدا، مامۆستا و سەرکردەی تێکۆشەری سازمانی خەبات، مامۆستا عەبداڵە ئارام و شەش کەس لە کادر و پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی سازمانی خەبات، شەهیدان عوسمان عەبوو خەڵکی بۆکان، شەهید ئیسماعیل سلێمانزادە خەڵکی ساردەکۆسانی گەورکی مەهاباد، شەهید سادقی زەندی (قانع) خەڵکی خمانەی شاربازێڕی کوردستانی عێراق، شەهید حسەین ساحەب نەزەر خەڵکی بۆکان، شەهید محمد رەسوولی خەڵکی شێنانی ناوچەی بانە، شەهید محمد خالید خەڵکی ناوچەی بۆکان.

یادی شەهیدان مامۆستا ئارام و شەهیدانی یەك شەوە، کە گۆڕی پیرۆزیان کە دێی ئینگی کەندە. بەرز و بەڕێز بێ و ڕێگەی پڕ لە سەروەریان بەردەوام بێ.